سەرۆک و جێگری ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا هەڵبژێردران

لە یەکەمین کۆبوونەوەی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا، عەمار حوسێن قەیسی بە سەرۆکی ئەنجوومەن و محەممەد جاسم حەمود بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنەکە هەڵبژێردران.

کاتژمێر (8:00)ـی ئەمڕۆ شەو ئەندامانی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی بەغدا کۆبوونەوە کە لە کۆی 53 ئەندام، 44 ئەندام ئامادەبوون کە هاوپەیمانی تەقەدووم بە سەرکایەتی محەممەد حەلبووسی بایکەتی دانیشتنەکەیان کرد.

لە پرسی دەنگداندا، بە دەنگی 39 ئەندامی ئەنجوومەن، عەمار قەیسی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا هەڵبژێردرا کە لە هاوپەیمانی عەزمە بە سەرکایەتی موسەننا سامەرائی.

ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا لە 49 کورسی پێکهاتووە لەگەڵ چوار کورسی کۆتای پێکهاتەکانی کوردی فەیلی و کریستیانەکان